## 3/ پاك وخاوێنی پێداویستییەكی بنەڕەتی ژیانی منداڵە :

پێویستی منداڵ بە پاك و خاوێنی لەیەكەم ڕۆژی لەدایك بوونییەوە دەست پێدەكات. منداڵ پێویستی بە دوو جۆر لە پاك وخاوێنی هەیە.

جۆری یەكەم/ پاككردنەوەی ئاسایی جەستە، شۆردن و شۆردنی دەموچاو و دەستەكان دەگرێتەوە.

جۆری دووەم/ پاك كردنەوەی منداڵ لە دەرهاویشتەكانی. منداڵ پێویستییەكی زۆر ی بەم جۆرە لە پاك كردنەوە هەیە، بۆیە بەشێوەیەكی زیاتر باسی دەكەین.

## 1/ پاككردنەوەی جەستەی منداڵ، ئەو بەشانەی بەجل وبەرگ دا پۆشراون و ئەو بەشانەیجەستە كە دیارن.

دایكەكان لەڕوی شێوازی پاككردنەوەی منداڵەكانیان، جیاوازن. واتە لەو چەند جار شۆردنەی كە دایكەكە لە ڕۆژێكدا منداڵەكەی دەشوات یان لەڕوی چۆنیەتی گۆڕینی جل وبەرگی منداڵەكەی، لەڕوی چۆنیەتی شۆردنی ئەندامە دیارەكانی جەستەی منداڵ و لەڕوی پاك و خاوێن كردنەوەی منداڵ بەمادەی پاكژكەرەوە و بۆن خۆش، جیاوازن. ڕاهێنان و فێركردنی منداڵ لە ڕوی پاك و خاوێنییەوە لەسەر شێوازێكی دیاریكراو، بۆ نمونە :ئەو منداڵەی ڕاهاتووە ڕۆژانە خۆی بشوات، هەست بەبێزاری دەكات كاتێك كە چەند ڕۆژێك خۆی نەشوات. بەڵام منداڵێكی دیكە دایكی فێری كردووە هەفتانە خۆی بشوات، بەلایەوەگرانە كە هەموو ڕۆژێك خۆی بشوات. هەمان شێواز لە شۆردنی دەستەكان و دەموچاو و قاچەكان و ڕێكخستنی قژدا پەیڕەو دەكرێت. گرنگی دانی لەڕادەبەدەر بە پاكوخاوێن كردنەوەی جەستەو پۆشاكی منداڵ، بەزیادەڕەوی دادەنرێت. لە داهاتودا ئەو منداڵە مرۆڤێكی دوورە پەرێزونامۆ، دوور لە هاوڕێكانی كاتەكانی خۆی بەسەردەبات. دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو گرفتانەی لەلایەن منداڵەكە ئەستەم و نامۆیە. لەگەڵ ئەوەشدا

گرفتەکان ڕێژەیین.ئەومنداڵەی لە ژینگەیەکی میلیدا دەژی و دایکی گرنگیەکی زۆر بە ڕێکخستنی قژ و جۆری پێڵاوەکانی و جل و بەرگی منداڵەکەی دەدات کە ئەمەش هۆیەکە بۆ ئیرەیی ودەست درێژیکردنە سەر منداڵەکەی لەلایەن منداڵانی دیکەوە.بەڵام منداڵێکی دیکە لە گەڕەکێکی پێشکەوتودا دەژی،دایکی گرنگیەکی تەواوگونجاوی لەچاو منداڵانی گەڕەکەکەیاندا، پێ نادات بۆیە منداڵەکان لێی دووردەکەونەوە وفەرامۆشی دەکەن.

## 2/ پاك كردنەوەی منداڵ لەو دەرهاویشتانەی کە جەستەی منداڵەکە فڕێی دەدات.

منداڵان لەڕووی پێویستی پاککردنەوەی جەستەیان لە دەرهاویشتەکان، جیاوازن.ئەو جیاوازییە پەیوەندی هەیە بە پێکهاتنی فەرمانی( فسیۆلۆژی )، پێکهاتن و دروست بونی شیری دایکی و شێوازی خواردنەکەی، جۆری ئەو شیرە وشکەی منداڵەکە دەیخوات.ئاسانە دایك شارەزابێت لەسروشت و ئەو کاتەی منداڵەکەی ئامادەیە بۆ فڕێدانی دەرهاویشتەکانی.دایك دەتوانێ چاودێری و تێبینی منداڵەکەی بکات،تێبینی ئەو نیشانانە بکات کە هێمان بۆ ئاگادارکردنەوەی دایکە کە منداڵەکەی لەباری فڕێدانی دەرهاویشتەکانیدایە.گرنگی ئەرکی دایك لەوەدایە،بەزوترین کات منداڵەکەی پاك بکاتەوە.دایك هەرچەندێك منداڵەکەی لەسەر پاك وخاوێنی ڕابهێنێت،ئەوا ئەم کردارە دەبێتە خویەکی ئاسایی وبنچینەیی و منداڵەکە زوتر لە داییی ڕزگاری دەبێت.منداڵان بە گشتی داییبان بۆ بەکاردەهێنرێت،بەڵام زۆربەی ئەو منداڵانە تەنیا لەساڵی یەکەمدا پێویستیان بە داییی هەیە.لە ساڵانی دیکەی تەمەنی منداڵەکەدا،بەکارهێنانی داییی بەندە بە شارەزایی و چاودێریکردنی دایکەکەوە.ئەو دایکانەی شارەزاییان کەمە،چاوەڕێن کرداری فڕێدانی دەرهاویشتەکان لەلایەن منداڵەکەوە خۆڕەس و خودکاربێت.بۆیە زۆربەی ئەو منداڵانە تا تەمەنی دووساڵی و سێ ساڵی میزدەکەن بەخۆیاندا و جلەکانیان پیس

دەکەن.ئەم بارودۆخە لە هەندێك لەو منداڵانە تا تەمەنی چوارساڵی و پێنج ساڵی بەردەوام دەبێت.تەنانەت هەندێ لەم منداڵانە تا تەمەنی هەرزەکاری،بەهۆی نەخۆشی و هۆکاری بۆماوەیی،میز دەکەن بەخۆیاندا،یاخود جێگەی نوستنەکەیان تەڕدەکەن.هەندێ باری دیکە هەیە،دایك ئەرکەکانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بە ئەنجام گەیاندووە و درێغی نەکردووە،بەڵام منداڵەکەی بەردەوام جلەکانی پیس دەکات و جێگەی نوستنەکەی تەڕدەکات.منداڵ بەهۆی هۆکارێك لەم هۆکارانە دووچاری ئەو گرفتانە بووە:

ا_منداڵ بەهۆی توش بونی بەنەخۆشی یەوە،کە بۆتەهۆی زیان و ئازار گەیاندن بەدەماغی منداڵەکە.

ب_ منداڵ لە زگماکیەوە دەماغی لاواز و ناتەواوە.

ج_منداڵەکە بەمەنغۆلی* دروست بووە.

د_توش بونی منداڵ بەسکچونێکی کاتی یا درێژخایەن.

ئەوبارودۆخە دەرونیەی منداڵ پێیدا تێ پەڕ دەبێت،وەك ئیرەیی بردن بەو برا نوێیەی تازە لەدایك بووە،کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی منداڵ میزبکات یان پۆشاك و جێگەی نوستنەکەی پیس بکات.گرفتی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەردەوام بونی ئەو حاڵەتانەی منداڵ.بۆنمونە دابڕان و کۆچ کردنی دایك یان باوك( گەر ئەو دابڕانە بۆ ماوەیەکی کاتی یاخود بەردەوام بێت )،وەك جیابونەوەی دایك و باوك و باوك ژنێکی دیکە دەهێنێت.مردنی باوکی منداڵەکە و دایکی شوو بە پیاوێکی دیکە دەکات.جیاوازیەکانی نێوان دایك و باوك و شەڕکردنی بەردەوام لەبەردەم منداڵەکەیاندا.یاخود دایك و باوك خۆیان لەگەڵ منداڵەکەیاندا توندوتیژن.ناردنی منداڵ بۆ شوێنێك کە حەزی لێ نەکات( خوێندنگەی ناوخۆیی و دایەنگە وباخچەی ساوایان،ماڵی دراوسێوکەسەنزیکەکان )،ئەم هۆکارانە گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی،بۆ دەرون و کرداری منداڵ دروست دەکەن.هەمان بارودۆخ لە

ڕۆژدا لەلای هەندێ منداڵ بەردەوام دەبێت.ئەمەش بەهۆی هەمان ئەو هۆکارانەوە کە لەوە و پێش دەربارەی پاك و خاوێنی منداڵ لەشەودا باسمان لێوە کرد،ڕوودەدات.هۆکاری سەرەکی و گرنگترین هۆکار دەگەڕێنینەوە بۆ دایك.کاتێك دایك گرنگی بە منداڵەکەی نادات و پابەند نییە بە پاك و خاوێن کردنەوەی بەڵکو واز لەمنداڵەکەی دێنێ تا بە توندی دەگری.ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروست بوونی منداڵێکی کەللەڕەق وسەرکێش،جگە لەوە دەبێتە هۆی توش بون بەسوتانەوەی پێست ودروستبونی ئازار لە میزەڕۆدا.ئەوکردارانەی منداڵەکە دەینوێنێ وەك نامەیەك وایە و گوزارشتە لە ڕەت کردنەوەی ئەوکارەی بەسەریدا سەپێنراوە،وەك( ناردنی بۆباخچەی ساوایان،دایك و باوکی دەیبەن بۆلای پزیشکی ددان یان دەیبەن بۆلای ئەو پزیشکەی دەرزی لێ دەدات)،یاخود بە تەنیا لەشوێنێکی نامۆدابێت شەرم ئەکات داوای پێویستییەکانی لەکەسانی ئەو شوێنە بکات.ئەم هۆکارانە منداڵ دەخەنە گرفتەوە،بەڵام دەتوانین چارەسەری بکەین.جۆری جل و بەرگی منداڵ،گەر قۆپچەی پانتۆڵەکەی ڕەق بێت ئەوا پێویستی بەیارمەتی گەورەکان دەبێت بۆ کردنەوەی قۆپچەکەی.زۆر منداڵ پانتۆڵەکەی شەیالەی پێوەیە،جل و بەرگی باخچە یا خوێندنگەی لەسەر شەیالەکەوە لەبەرکردووە،بۆیە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی بەبێ داکەندنی جل وبەرگی خوێندنگەکەی کارێکی قورسە.ترسی منداڵ لەو مرۆڤ و گیانلەبەرانەی کە بە بینینی ڕانەهاتووە،ترسی منداڵ لە دیمەنێکی ترسناك،ئەم هۆکارانە دەبنەهۆی دروست بونی گرفت بۆ منداڵ بەشێوەی پیس کردنی جل و بەرگ و تەڕکردنی جێگەی نوستنەکەی دەریدەبڕێت.کاتێك منداڵ دەنێرڕێت بۆ باخچە یان خوێندنگە،نازانێ شوێنی سەر پێشاو لە کوێیە؟بۆیە جلەکانی تەڕو پیس دەکات.دوبارەبونەوەی ئەم دیاردەیە،گوزارشتە لە ترس و دوودڵی و نامۆیی ئەو ژینگەیەی بۆی ڕۆیشتووە. پێویستە لە نێوان کەس و کاری منداڵ و( دایەنگە و باخچەی ساوایان و خوێندنگە )هاوکاری و پەیوەندییەك دروست بکرێت،دایەن و مامۆستاکان هەوڵێکی تایبەت بدەن،بەڵکو هەندێ جار پێویست بەبەشداری

پزیــشك و پــسپۆری دەرونــی دەكات، لــە پێنــاوی چارەســەركردنی ئــەم گرفتــە. خێزانــەكان لەشێوازی پاككردنــەوەی منداڵــەكانیان و چۆنیەتی هــەڵس و كــەوت و مامەڵــەیان بەرامبــەر ئــەو بارودۆخــەی منداڵەكــەیان پێیــدا تێ پــەڕ دەبێت، جیــاوازن. هەنــدێ خێــزان بەرامبــەر منداڵەكــەیان دڵــڕەق و تونــدو تیژن. منداڵەكە تێناگــات و نازانــێ داواكارییــەكانی دایــك و بــاوكی چیــیە؟ تــێ ناگات بۆچی سزادەدرێ و سەرزەنشت دەكرێ؟

گرنگی نەدان و پشت گوێ خستنی منداڵ لەلایەن خێزانەوە، بەتایبەت دایك لە كاتێك دا منداڵەكەی جل و بەرگی پیس دەكات و جێگەی نوستنەكەی تەڕ دەكات و گرنگی بە منداڵەكەی نادات، بۆیە ئەم حاڵەتە تا تەمەنی هەرزەكاری بەردەوام دەبێت. هۆكارێكی دیكەی گرنگی نەدان و كەمتەرخەمی و نازپێدانە. ئەو دایك و باوكانە منداڵەكەیان زۆر خۆش دەوێت و ئامۆژگاری ناكەن یان ئاگاداری ناكەنەوە كە ڕووبەڕوی سزادەبێتەوە، گەر جارێكی دیكە ئەو كارە دوبارە بكاتەوە. بەڵام هەندێ منداڵ هەن بەهۆی گرفتی ئەندامی و دەرونییەوە دەناڵێنن، پێویستە مامەڵەیەكی تایبەت و دروستی لەگەڵدا بكرێت و لەلایەن پزیشكی پسپۆر و پسپۆری دەرونییەوە چاودێری بكرێت